**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**
**ژمارە د- ٧٠ لە ٢٠١٥/١/٢٩**

## بڕیار
## ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٥

**بە پێی دەسەڵاتمان کە لە ماددەی (١٠) برگەی (١) خاڵی (٢)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراودا دیاری کراوە بڕیارماندا بە رەدکردنەوەی یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٤ / یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١١) کە پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (١٣)ی ئاسای خۆی لە ٢٠١٤/١١/٢٦ پەسەندی کردووە و بەنوسراوی ژمارە٢٢٢/٤/٣ لە ٢٠١٥/١/١٥ بۆ دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان نێردراوە .**

**ئەم یاسایە دەگەڕێنینەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان بۆئەوەی چاو بخشێنێتەوە بە ماددەی (٥) پێنجەمیدا لەبەر ئەم هۆیانە :**

**ناکرێت بە گشتی بگوترێت ئەحکامی ئەم یاسایە پیادە دەکرێت بە سەر هەموو کەسێکی ناو هەرێم لە ناویاندا سەرۆکەکانی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادگەری و ئەندامەکانی و ئەوانەی تیایاندا کارمەندن. باونیە دەستەیەك لە لایەن پەرلەمانەوە دامەزرابێت و سەروەر بێت بەسەر هەر سێ دەسەڵاتەکان و سەرۆکەکانیاندا لە کاتێکدا بەپێی پرینسپی جیاکردنەوەی دەسەڵات و سەربەخۆی دەسەڵات ئەم دەسەڵاتە گرنگانە لە سنوری دەسەڵاتی خۆیاندا سەروەرن و سەرۆکەکانیان خاوەن یاسا بەندی/حصانەی/ یاساین ، بۆیە ناکرێت وەك کەسێکی ئاسایی هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێت . ئەوان بەرجەستەی دەسەڵاتی گەلن چونکە سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە هەڵبژاردن گەیشتونەتە ئەو پایەیە. زوربەی دەستوری ئەو وولاتانەی کە پەیڕەوی رێبازی دیموکراتی دەکەن رێزیان بۆ ئەو پۆستانە داناوە،یاسا بەندیش یەکێکیانە.**

**ئەم دەسەڵاتانە بە یاساگەلێکی دەستوری دیکە ئەرکەکانیان و پەیوەندی نێوانیان رێکخراوە و رێوشوێن و کردەکاری تایبەتی دانراوە بۆ لێپرسینەوە لە سەرۆکەکان و ئەندامەکانیان .**

**ویرای ئەمە بە پێی ماددەی ١٩و٨٧ و٨٨ دەستوری عێراق دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆیە و هێچ دەسەڵاتێك لە سەرووی دەسەڵاتیەوە نییە.**

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق**

**هەولێر**
**٢٠١٥/١/٢٨**